رووپێوێك پێك دێت بۆ پشكنین و نۆرینی ئەو زەوییەی باخی لەسەر دادەمەزرێت و سالأنە سەرۆك و ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەگۆردرێت .

**مادەی نۆیەم :**

ئەم كرێیانەی خوارەوە وەردەگیرێت لە كاتی ئەنجامدانی ئەو كارانەی بەرامبەریان دیار كراوە :

**25.000** دینار ( كرێ ی پشكنینی زەوی )

**75.000** دینار ( كرێ ی دەرهێنانی مۆڵەت )

**50.000** دینار ( كرێ ی نویٚ كردنەوەی مۆڵەت )

**مادەی دەهەم :**

پاش بلأوكردنەوەی ئەم رێنمایی یە لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێدەكرێت .

**عبد الستار مجيد**

**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**ژمارە :** 3730 **لە** 2015/4/28

بەپشت بەستن بە ماددەی یەكەم و پێنچەم لە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (**6**)ی ساڵی **2010** ئەم رێنماییەمان دەركرد :

**رێنمایی ژمارە** ( 5 ) **ی ساڵی** 2015

**رێنمایی كاركردنی كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان لە بواری توێژینەوەی كشتوكاڵی**

**ماددەی یەكەم :**

پێناسەی زاراوەكان

1 - **هەرێم :** هەرێمی كوردستان -عێراق .

2 - **وەزارەت :** وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو .

3 - **وەزیر :** وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو .

4 - **بەرێوەبەرایەتی گشتی :** بەرێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و رێنمایی كشتوكاڵی .

5 - **فەرمانگە :** بەرێوەبەرایەتی توێژینەوە لە پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان .

6 - **کۆمپانیا** : کۆمپانیای کشتوکاڵی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان عێراق و تایبەتمەند بە بواری کشتوکاڵی لایەنی ڕووەکی و ئاژەڵی .

**ماددەی دووەم :**

کۆمپانیاکان بۆیان هەیە بەو مەرجانەی خوارەوە کێڵگەی تاقیکردنەوەی زانستی وتوێژینەوەی کشتوکاڵی دابمەزرێنن .

1 - پێشکەشکردنی داخوازی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمپانیاو(c.v)ی کۆمپانیاو پسپۆریی کارمەندەکانی هاوپێچ کرابێت .

2 - دیاریکردنی بواری تاقیکردنەوەکان یان توێژینەوەکان کە بگونجێت لەگەڵ پسپۆری کۆمپانیا و کارمەندەکان .

3 - پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە شوێنی کێڵگە کە لەڕووی ( جوگرافی ، خاك ، ئاو ) .

4 - دەستنیشان کردنی بابەتی توێژینەوە یان تاقیکردنەوە و ناوو (c.v)ی سەرپەرشتیار کە بەلانی کەم خاوەنی بڕوانامەی ماستەر بێت .

**ماددەی سێیەم :**

بۆ هەر توێژینەوەیەك تایبەتمەندی شوێنەکە ڕەچاوەکرێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزامەندی کۆتایی لەسەردەدات .

**ماددەی چوارەم :**

دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بەهێنانی تۆوەکان لەسەرچاوەی باوەڕپێکراو وپاك بێت لە دەردە کشتوکاڵییەکان وتۆماری تۆوەکانی لەسەرچاوە سەرەکیەکە هەبێت بۆ دڵنیابوون لە دەستکاری نەکردنیان لە ڕووی جینیەوە .

**ماددەی پێنچەم :**

توێژینەوەکان یان تاقیکردنەوەکان لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری فەرمانگە ئەنجام دەدرێت و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی مانگانە لەسەر تاقیکردنەوەکان کە واژۆ کرابێت لەلایەن سەرپەرشتیاری فەرمانگە .

**ماددەی شەشەم :**

تاقیکردنەوەکان دەبێت شیکردنەوەی ئاماری (تحلیل احصائي) و ڕاسپاردەی زانستی (توصيات علمية) تایبەت بە توێژینەوەی زانستی ڕەچاو بکات .

**ماددەی حەوتەم :**

**ڕاپۆرتی کۆتایی و ئەنجامەکان دەبێت لەلایەن ب.گ.توێژینەوەو ڕێنمایی پەسند بکرێت وە لە ڕێگای ب.گ. ناوبراو بنێردرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی تۆمارکردن و پەسند کردنی .**

**ماددەی هەشتەم :**

**ئەم کۆمپانیانەی ئێستا لە کاردان دەبێت لەماوەی (3) مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی فەرمی کاروباری خۆیان بگونجێنن وەك لەم ڕێنماییەدا هاتووە .**

**ماددەی نۆیەم :**

**کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .**

**عبد الستار مجید**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007، بریارماندابە :-**

**بەیانی ژمارە ( 19 )ی ساڵی 2015**

**- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی کوبانێ ) بۆ ئاوارەکانی کەمپی قەزای ئاکرێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.**

**- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی 2015/3/8.**

**بەیانی ژمارە ( 20 )ی ساڵی 2015**

**- کردنەوەی ( هۆبەی ئاوارە و پەناهەندەکان ) لە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**

**- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رێکەوتی 2015/3/9.**

**بەیانی ژمارە ( 21 )ی ساڵی 2015**